**دەنگەکان :دوای تێپەربوونی 19 ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا، ئایا ئەدەب توانیویەتی لەناو خەیاڵ و فەنتازیا و زماندا ئەنفالێک دابمەزرێنێ جیاواز بێت لەو ئەنفالەی هەتا ئێستا زمانی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیا پێیان ناساندوین؟. تایبەتمەندی ئەو زمانە ئەدەبییە چۆنە کە ئەدەبی کوردی بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەنفال بەرهەمی هێناوە؟ ئاخۆ ئەدەب دەتوانێ زمانێک بێ بۆ بە جیهانیکردنی کارەساتی ئەنفال؟**

**کاروان کاکە سور:**



ئەو پرسیارە بەهەر شێوەیەک و لە هەر ئاستێکدا بکرێت، ئەوا هەر دەمانخاتەوە بەردەم بیرکردنەوە لە پێوەندیی نێوان ئەدەب و مێژوو. ئەنفال وەکو ئیرادەیەکی ئایدۆلۆژی بەسەر واقیعی ئێمەدا سەپێنراوە. ئەو ئیرادەیە هەر لەسەرەتاوە هەوڵی ئەوەی داوە هەموو بیرکردنەوە و خەیاڵێک بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە. ئەمە تەنها پێوەندیی بە ئەنفالەوە نییە، بەڵکو هەموو ڕووداوە گەورەکانی مێژوو ئاوان. پێوەندیی نێوان خەیاڵ و واقیعیش هەمیشە پێوەندییەکی شەڕانگێز بووە. مەرج نییە خەیاڵ تەنها ئەدەب و هونەر بەرهەم بهێنێت، بەڵکو زۆر جار واقیع بەرهەمدێنیتەوە. دەشێ خەیاڵێکی جوان لەجیاتی ئەوەی ببێتە شیعر، چیرۆک، ڕۆمان یان تابلۆیەکی هونەری، ببێتە دروستکردنی تفەنگێکی دوورهاوێژ، تۆپێکی گەورە، یان ڕۆکێتێکی سەرسوڕهێنەر. کەواتە سەرچاوەی هەموویان هەر خەیاڵە. پێم وایە بەهەڵەدا دەچین کاتێک دەمانەوێت ئەنفال و هەر ڕووداوێکی دیکەی مرۆیی لە خەیاڵ و فەنتازیا داببڕین. ئەنفال پێش ئەوەی بکرێتە واقیع، تێکست بوو. پێش ئەوەیش بکرێتە تێکست، خەیاڵ بوو. کاتێک خەیاڵ و ئایدۆلۆژیا ئاوێتە دەبن، ڕووداوی وەکو ئەنفال دەهێننە کایەوە. کێشەی گەورە لێرە دایە، کاتێک نووسەر دەیەوێت ئەو واقیعە بکاتەوە خەیاڵ. ئەو تێگەیشتنە هەتا ئێستاش بەسەر ئەدەبی ئێمەدا زاڵە. دەبێت لێرە ئاماژە بەوە بدەم، کە ئەنفال بەنهێنی لەناو زۆربەی تێکستەکانی ئێمەدا کار دەکات، بۆیە کاتێک ئێمە دەمانەوێت قسە لەبارەی ئەنفالەوە بکەین، مەبەستمان ناوی ئەنفال نییە، مەبەستمان ئەو تێکستە ئەدەبیی و هونەرییانە نیین، کە باس لە ئۆپەڕاشیۆنی ئەنفال دەکەن، بەڵکو مەبەستمان ئەو دیسکۆرسەیە، کە لە پشت بیرکردنەوەی نووسەرەوە ئامادەیی هەیە. مەبەستمان گرێی ئەنفالە، کە بەدرێژاییی تەمەنی خۆی خەیاڵی ئێمەی ڕەنگرێژ کردووە. ئەنفال دۆستایەتییەکی زۆر بەتینی لەنێوان نووسەر و مێژوودا دامەزراندووە. ئیشی ئەو نووسەرە بەردەوام ئەوە بووە دڵنەوایی ئەو مێژووە بریندارە بداتەوە. لێرەوە زمانی نووسەری ئەدەبی نەک هەر تێکەڵی زمانی ئایدۆلۆژیا و سیاسەت دەبێت، بەڵکو ڕەوایەتییشیان پێدەدات. سەیر نییە کاتێک دەبینین هەموو ساڵێک شیعر و پەخشان شان بەشانی وتاری سیاسی یادی ئەنفال و هەڵەبجە و ڕاپەڕین دەکەنەوە. بەهەمان تێڕوانین و بەهەمان زمان. یەکێک لەخاسیەتەکانی ئایدۆلۆژیا ئەوەیە، کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە واقیع دیاریبکات، یان بە مانایەکی دیکە بیخاتە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، بەو مەبەستەی سەری لە ئەرکەکانی خۆی دەربچێت، بەڵام نووسەری ئەدەبی بەپێچەوانەوە واقیعێکی گریمانەیی دەخوڵقێنێت، کە تەواو جیاواز بێت لەو واقیعەی ئایدۆلۆژیا دیاریدەکات. لای ئێمە مەسەلەکە ڕێچکەیەکی دیکەی گرتووە.

نووسەری ئێمە یارمەتییەکی گەورەی ئایدۆلۆژیای داوە، کە واقیع پێناسە بکات. بە مانایەکی دیکە ئەو لە ڕێگای ئایدۆلۆژیاوە کۆنتاکت لەگەڵ واقیعیشدا دەکات. ئەو نووسەرە وا بۆ بیست ساڵ دەچێت خۆشبەختانە لەناو ئەو واقیعەدا دەژی، کە ئایدۆلۆژیا خوڵقاندوویەتی، بەرادەیەک، جیاوازی لەنیوان خودی نووسەر و ئەو واقیعەدا نەماوە. بەمانایەکی دیکە هەموو تەعبیرکردنێک لە خودی خۆشی، هەر تەعبیرە لەو واقیعە چەسپاوە. لێرەوەیە ئەو نووسەرە ئیشی بە داهێنانی زمان نامێنێت، کە گرینگترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە نهێنییەکانی مێژوو. ئەمە هۆیەکە لەو هۆیانەی، کە وای کردووە تێکستەکان ئەوەندە لەیەک بچن، چونکە وەکو گوتمان هەموو خودەکان لەناو ئەو واقیعەدا بوونەتە یەک خودی هاوبەش. وەکو گوتیشمان ئەو واقیعە پێناسە کراوە و لەلایەن ئایدۆلۆژیاوە سنوورەکانی بۆ دانراوە. لە تێروانینی ئەرستۆوە مێژوو خۆی ناتەواوە، چونکە بەشێک لە واقیع دەردەخات، نەوەک هەمووی. کەواتە ئەو مامەڵە میکانیکییەی نووسەری ئێمە لەگەڵ ڕووداو، هەر لە بنەرەتەوە مامەڵەیەکی دروست نییە و ناتوانێت هیچ نهێنییەک لە مێژوو دەربخات. تاکە ڕێگای ئەو نووسەرەی ئێمە بۆ هێنانەوەی ئەنفال وەکو ڕووداوێکی مێژوویی، تەنها تراژیدیایە. بەمەش لەلایەک سنوورێکی تەسک بۆ خەیاڵ دادەنێت و لەلایەکی دیکەش هەموو جیاوازییەکان لەنێوان ئەنفالی فاکتوال و ئەنفالی هونەرییدا دەسڕێتەوە. لێرەوە نووسین نابێتە پرۆسێسیسێک بۆ تێکشکانی واقیع، چونکە هەڵگری هیچ دژایەتییەکی واقیع نییە، بەڵکو هەر خۆی دەبێتەوە بەشێکی جیانەکراوەی ئەو واقیعە. هەر ئەمەش دیسان پێوەندیی بە ئایدۆلۆژیاوە هەیە، چونکە ئایدۆلۆژیا بەپێی ئەرکەکانی خۆی سیمای واقیع نیشان دەدات. سەردەمێک ئەو واقیعە بەشێوەیەکی زۆر تاریک دەردەخات، بەو مەبەستەی کۆمەڵگا بخاتە حاڵەتێکی نیگەرانەوە و داوای زووترین چارەسەری لێبکەن. هەر ئەو ئایدۆلۆژیایە لە سەردەمێکی دیکەدا ئەو سیما پەشێواوییەی واقیع بەشێوەیەکی تەواو پێچەوانە نیشان دەدات، بەڕادەیەک هەر بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە خۆی و هەر گۆڕانکارییەک، کە بەبێ ئەو بکرێت، جارێکی دیکە ئەو کۆمەڵگایە بەرەو وێرانیی دەباتەوە. ئەگەر لەجیاتیی ئەنفال هەر ڕووداوێکی دیکەش دابنێین، ئەوا هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. مەبەستمانە بڵێین ئەو نووسەرە تەنها لە ڕێگای تراژیدیایەکی هەژارانەوە، کە تەنها پشت بە یادەوەری و بینینێکی ڕووکەشەوە دەبەستێت، نەک بە تێڕوانینێکی مەعریفیانە، بۆ ناو مێژوو دەگەڕێتەوە. لەوێشەوە مژدەی ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەرمان دەداتێ. سەرنج دەدەین تێڕوانین و ئیشکردنی ئەو نووسەرە هەمان تێڕوانین و ئیشکردنی ئایدۆلۆژیایە. ئەو نووسەرە بەهەمان زەمەنی فیزیکی بۆ ناو مێژوو دەگەڕێتەوە، ئەوە لە کاتێکدا دەبێت زەمەنێکی پێچەوانە بخوڵقێنێت، کە ئەمەیان خۆی لە کۆمەڵێک تەکنیک و فێڵی هونەرییدا دەبینێتەوە. لێرە جارێکی دیکەش هەست بە پاشکۆیەتیی ئەدەب دەکەین، چونکە ئەمە لاساییکردنەوەی کتومتی ئایدۆلۆژیایە، کە هەمیشە خێراترین ڕێگا دەگرێتە بەر بۆ لێکدانەوەی واقیع. لێرەشەوەیە لای ئێمە ڕووداو تەنها لە ئاستی هەقایەتدا دەمێنێتەوە و ناگاتە ئاستی چیرۆک، کە هەر یەکەیان خاوەنی زەمەنی خۆیانن و لای ئێمە تێکەڵی یەکتر کراون. من پێشتریش لەم بارەیەوە گوتوومە، گەڕانەوەی ئێمە بۆ ناو مێژوو زۆر جار گەڕانەوەیەکی نۆستالۆژییانەیە، نەک دیسپۆتیکییانە. گەڕانەوەیەکە پڕە لە سۆز و میهرەبانی، بۆیە ناتوانین مێژوویەکی جیاواز لەو مێژووە ڕەسمییە بخوڵقێنین. ئەو گەڕانەوەیە هەڵگری چاوێکە، کە هەموو ڕابردوو بە پیرۆز دەبینێت، بگرە زۆر جار ئەو نووسەرە هەر خودی نووسین بە شتێکی گڵاو دەزانێت و ڕێگای نادات بەبێ پاککردنەوە لە گومان و پرسیارە بەدەکان

بچێتە ناو هەندێک زۆنەوە، کە لای ئەو پیرۆزن و بە تابوو دادەنرێن. ئەو تەماهیکردنە لەگەڵ مێژوو ئەدەبی نووسراوی ئێمەی کردۆتە پاشکۆی ئەدەبی زارەکی. بەکورتی تێکڕای ئەرکی ئەو نووسەرە لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە پێمان بڵێت ڕووداوێک هەیە بەناوی ئەنفال. ڕووداوێکی دیکە هەیە بەناوی هەرەس. ڕووداوێکی دیکە هەیە بەناوی کۆڕەو. ئەگەر بمانەوێ ئەو پڕۆسێسە بە زمانی ئەلیکترۆنی بنووسینەوە، ئاوای لیدێت: نووسەر کۆپییەک لە لینکی واقیع وەردەگرێت و بۆمانی پەیست دەکات. لێرە ناکرێت نەڵێین ئەو نووسەرە تەنها کاتێک دەزانێت لە کۆمەڵگادا چەوسانەوە هەیە، کە زمان زۆر ئاسان و شەفاف دەکریتەوە و شتەکان لەشێوەی کۆمەڵێک ئایکۆن دەردەکەون.
ئەگەر ئێمە پێ لەسەر ئەوە دابگرین، کە زمانی ئەدەبییمان بووەتە پاشکۆی زمانی سیاسەت، ئەوا دەبێ بزانین ئاست و مەودای زمانی سیاسەتی ئێمە چۆنە، بەو مەبەستەی بزانین سەرچاوەی ئەو نووسەرە ئەدەبییە چەند هەژارە. من پێم وایە ئەو زمانەی سیاسەت ئەگەر هەر بە پێوەرەکانی سیاسەت خۆشیەوە لێکیبدەینەوە، هەر زمانێکی لاوازە. زمانێکە تەنها لە سنووری ناسینەوەی لایەنگر و دەستنیشانکردنی دوژمن بەکارهاتووە. ئەوەندەی ئێمە لەدوای ئەنفالەوە سەرنجمان لە ئەدەبی خۆمان داوە، هەر ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە، کە ئەوەی لەپشت ئەو ئەدەبەوەیە ئایدۆلۆژیایەکی هەژارە، نەوەک فیکر و فەلسەفە. ئەوەی ناهێڵێت ئەنفال و هەر ڕووداوێکی دیکەی مێژوویی بسوێتەوە، ئەو وتار و لێکۆڵینەوانەن، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بلاَو دەکرێنەوە و باس لە گەورەیی ئەو تێکستانە دەکەن. هەتا ئەمڕۆش لێکۆڵینەوەی ئێمە هەموو جوانییەکانی تێکستێک لەوەدا کۆ دەکاتەوە، کە پڕیەتی لە ئێش و ئازار. لێرەوەیە من باوەڕم نییە، کە مەسەلەکە تەنها نەبوونی تێڕوانینی قووڵ بێت بۆ خوێندنەوەی واقیع، بەڵکو بە پلەی یەکەم نەبوونی شێوازێکی جیاواز و سەربەخۆی هەر نووسەرێکی ئەدەبییە. ئەگەر ئەنفال لە واقیعدا کۆمەڵگای ئێمەی تێکشکاندبێت، ئەوا لەناو نوسیندا بەردەوام ئیستاتیکای شێواندووە.